
10
دڵسۆز
دڵسۆزی کەرکوک بوو
ئامادەکردنی
مەلاشاخی
چاپی یەکەم
٢٠٠٧

**بەرێز ئەندازیار( یونس جاف ) یارمەتی لەچاپدانی داوە .**

**دڵسۆزی کەرکوك**

- **بابەت** **شیعروپەخشان**
- **نووسەر** **دڵسۆز**
- **ئامادەکردنی** **شاخی**
- **چاپ** **شاخی**
- **بەرگ** **شاخی**
- **تیراژ** **٥٠٠ دانە**
- **چاپی یەکەم**
- **کوردستان** **٢٠٠٧**
- **چاپخانە** **کاروخ / -سلێمانی**

زنجیرە (٦) لەپرۆژەی ( ١٠) کتێبی ئامادەکار

# پێشکەشە :

- بەشەهیدانی کۆمیتەی ئاگر
- بەهەمووشەهیدانی کوردایەتی
- بە شەهید دڵسۆز

**لەپشتی ئەم وێنەیەی شەهید بەخامەی خۆی نووسراوە:**



**وێنەیەکی بیرەوەری رۆژی ٢/٤/ ١٩٧٥ لەپارێزگای قادسیە**

بۆبرای دڵسۆزم نجم الدین گیان

سڵاوێکی گەرمی برایانە هیوام خۆشیتە ئامانجم درەوشانەوەی ئەستێرەی ئاواتتە لەئاسمانی بێ گەردی چاوی پڕگریانی نیشتماندا چەشنی گوڵێکی گەشاوەبێت لەبەیانییەکی رووناکا بۆ تیشکی زێرینی هەتاو پێبکەنێ ،زەردەخەنەیەك بێت هەر ڕۆژە موژدەیەکی نوێ ورازاوەو پڕبەهارو ئارامی بێ بۆژیانت ،لەگەڵ ئەوگوڵەیا جێگای خۆی لەدڵی فرەوانتا گرتووە بۆهەمیشە بۆمردن گۆرانی ژیان بێتەوە، گیانەکەم .. شەوی ٣/٢١ گەیشتمە دیوانیە تائیستاکە جێگام دیارنییە..

ئیترهەربژیت گیانەکەم.

# ژياننامەی شەهيد دڵسۆز

* لەسـاڵی١٩٥٥لـە گونـدی ( بيبـانی گـەورە) لەبنەماڵيـەکی هەژارونشتيمان پەروەردا چاوەکانی بۆبينينی ژيانی پڕلەچەوسانەوە هـەڵهێناوە، تـاپۆلی دووەمـی ناوەنـدی درێـژەی بەخوێندناوە،بـەهۆی نالـەباریگوزەران وبـارگرانی بـەرێوەبردنی خێـزان خوێنـدنگا بـەجێ دەهێڵێ و رێگای کرێکاری وسەموون فرۆشی دەگرێتەبەر.

* لەساڵی١٩٧٤کاتێك ڕژێم هێرش دە هێنێتەسەرخەڵکی کوردستان وسێکوچکەی بەعسييان( تعريب وتبعيث ترحيل ) هەڕەشە لەسيمای نەتەوەيی مان دەکەن، رێگای شاخ وتفەنگ وخەبات هەڵدەبـژێریو دەبێتە پێشمەرگە ، لـەدەزگای بێسيمەکانی شـۆڕش بـە (عـددجهاز) دەست بەکاردەبێت ...

* لـەدوای نـسکۆی ١٩٧٥ ئـەويش وەك هـەزاران کـەس لەهاوسـەنگەرەکانی بەناچاری دەگەڕێتـەوە زێدیباوباپيرانی ، ڕژێـم بۆخـوارووی عێـراق دووری دەخاتـەوە ، پـاش ماوەيـەکی زۆرلـەژيانی کولەمەرگی دەگەڕێتەوە بۆشاری کەرکوك.

جارێکی تـر شـان دەداتەوەبـەر باریچەوسانەوەو زەحمەتکێشی،بەڵام کـورد گـۆتـەنی(دەبـان لەکێلانـدا ناوەسـتێ ) لەئـەنجامی هەسـتکردن بەچەوسانەوەی چينايەتی و نەتەوايەتی لەساڵی١٩٧٧پەيوەنـدی بە (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)ە وە لەريزەکانی (ی.ن.ك ) دەکات. رۆژانـە دوای پـشوویپاشنيوەڕويان خـۆی بەپـەروەردەکردنی (فکری)مژوولٚ دەکات و لەگـەڵ چەندهەڤاڵێکی دڵسۆزی تـری دا شـان

بەشـــانی کـــاری رێکخراوەیـــی رێبازەکـــەی(شـــێخ رەزای‌تاڵبـــانی) و(ئەســـیری)یـــش دەگرنەبـــەرو کتێبخانـــەی(ئاســـۆ) دەکـــەن بەمەڵبەندی‌خۆڕۆشنبیرکردن ومەکۆی ژووانی عاشقانی کوردایەتی...
*شـــەهید نـــەعمان دڵـــسۆز بەڕاســـتی دڵـــسۆزبوو،هەربۆیە ئـــەوناوەی بـــەبالاًبڕا یوو،هەمیـــشەلەکۆڕوکۆبوونەوەکاندا باســـی لـــەکاولکردنی کوردستان دەکرد ، هەردەم خەمی ئەوەی‌بوو دەیگووت: خـانووجوانتر درووست دەکرێتەوە ، گوند باشترئاوەدان دەبنەوە،بەلاًم ئەوەی‌جیٚ ی داخ وکەســـەرە کەلـــەپووری نەتـــەویی و ئامرازەفلکلۆری‌یـــەکان وشـوێنەوارە مێژوویـیـەکان وهتدقـەرەبوو نابنـەوە، هەربۆئەومەبەسـتە ناوەناوەســـــەردان ودیـــــدەنی جوتیـــــارانی ناوچـــــەکانی (بیبانی،ساڵەیی،شوان،شـــێخ بزێنـــــی ) دەکـــــردو زانیـــــاری لەسەرکۆدەکردنەوە..
لـــەبوواری شـــاعیریش دا ســـۆزوجۆش وخرۆشـــێکی زۆرلـــەناخی دا شـەپۆلیان دەدا، ئەگـەر لەمەیدانەکـەدا بمایـە سوارچاکێکی مەیـدانی ئەدەب دەبوو.
* ئـەم شـاعیرە لاوە هەمیـشە لەسـەردەمی شـاخ بۆڕادیـۆی شـۆڕش و لـەدوای نـسکۆیش بابـەتی بـۆ(رادیـۆی کـوردی بەغـدا) و رۆژنامـەی (هاوکـــاری)و گۆڤارەکـــانی(بـــەیان)و (رۆشـــنبیرنویٚ)وپاشـــکۆی عیراق...دەنارد.
* بەداخـــەوە لەشـــەوی ٢١-١٩٨١/١٠/٢٢دا دوای ئاشـــکرابوونی هەنـدێك لەهێڵـەکانی (کۆمیتـەی‌ئاگر) رژێـم بـەهێزێکی زۆرەوەدەوری ماڵەکـەیان دەگرێـت ولـەنێو ئـامێزی خێزانەکـەی راپێـچی دەکـەن ودەیبەنە زیندانەتاریکەکانی بەرێوەبەرایەتی ئەمنی کـەرکوك و(الهیئـە

الخاصە)ی شوێنی ئازاروئەشکەنجەدانی کوردان و بی سەروشوێنی دەکەن.

* دوایراپەرینی کۆمەلانی خەڵکیکوردستان و بەدەست کەوتنی هەزاران بەڵگەنامە لەسەرتاوانەکانی رژێم، بەرێز (برزۆعەلی هەژار)کتێبێکی دەربارەی ژیان وخەباتی شەهید(عەلی هەژار)ی باوکی چاپ کرد، بەڵگەنامەیەکی بلاوکردەوە کەناوی شەهیدیناوبراوو شەهید (کاردۆگەلاڵی)شەهید (نعمان أنورأحمد*)ودەیان شەهیدی تری تێدابوو، ئیترئێمەوسەرجەم کەس وکاری دڵنیابووین کەئەم (دڵسۆز)ەی کوردایەتیش گەیشتۆتە کاروانی نەمران ، دیارە ئەم دەسکەوتانەی ئەمرۆی هەرێمی کوردستانیش بەری وخەبات وخوێنی ئەو شەهیدانە.

## بەڵگەنامە *

(( بەناویخوایبەخشندەومیهرەبان ))

شە هیدان لەئێمەبەخشندەترن

ئەمنی عامە / بەرێوەبەرایەتی ئەمنی ناوچەیئۆتۆنۆمی

ژ/ ت. ن/١٣٥٧٠

مێژوو ١٩٨٣/٧/٩

بۆ/ گشت بەرێوەبەرایەتییەکانی ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

ب/جیٚ بەجێکردنی سزادان

بەپێی بروسکەی سەرۆکایەتی دادگای شۆرش ٣٢٧٣ لە٥/٢/ ١٩٨٣ دەستکرا بەجێبەجێکردنی مەرسومە کۆمارییەکانی ژمارە / ٦١٦ ی ساڵی٩٧٩ و٨٠٨ و ٨٠٩و ٨١٠ و٨١١ و٨١٢ و٨١٣ و ٨١٤و٨١٧ و٨١٩و٨٢٠و ٨٢٢و ٨٢٣ و٨٢٤و ٨٢٥و٨٢٦ی ساڵی١٩٨٢ بڕیاردرا بەجێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان: بەهەڵواسین هەتامردن بۆئەم تاوانبارکراوانە (محۆحمۆمحۆ وتۆفیق محمدسعیدنجم الدین و احمدباقی علی مستەفا ولەتیف محمدامین و حمدشریف امین و عبدالمقصود محمدعلی و عبدالوهاب حازم محمد و عدنان محمدامین و سیروان محمدامین و قهرمان کاکە حسن ( قارەمان کاکەمند) و عبدالغنی احمدحمەخان وعبدالجبارعلی تەها و سیروان احمدقادر و عەتاعبدالرحمن فتاح و دڵێروهاب مارف و سعیدفەرەج غەفوور و شابازحسین عبدالکریم و مهدی عبداللەحمەکریم و علی عبداللەعلی ((علی هەژار)) *وعارەب عبدالقهارمستەفا

(( کاردۆگەلاڵی )) ونوسرەت رەسول حسن وعبدالکریم محمد عمر وعبداللە خورشیدرشید و هادی قادرعلی و حسین عارف مجید و صدیقحمەامین مدیالدین و علیمحمدحسن صفر و خالدکریم حمەعزیز و هێرش محمدسعید و سەروەرمحمدامین مستەفا و ئەردەلان محمدامین حمەمراد و سەروەرسعیدعلی و کاوە محمدامین حمەمراد و محمدصابرشریف و احمدعزیزکریم زەمان وابراهیم محمدعمرخدر بەپێ ی بەندەکانی ١/١٥٧و١٩٤ق.ع.گوللە بارنکردنی تامردن بۆتاوانبارانی سەرباز ئازادسەیدە محمدخدر و سەرباز جبارمجیدشریف و سەرباز عبدالعزیزبکرقادر و سەرباز نعمان انوراحمد * و سەربازمحمدعبدالله کریم و سەرباز نازم عوسمان محمد و سەرباز نجم الدین فرەج ئاغا و سەربازی یەدەك انورابراهیم عبداللە وسەربازاسماعیل خدرمحمد و سەرباز یوسف خدرصادق و ن.ع پۆلیس نەوزادحسن کاکەبرا بەپێ ی بەندی١/٥٩لەق.ع.ع تکایەئەوەپەیوەندی بەئێوەوەهەیە جێ بەجێی بکەن...!

| |
|---|
| مديريه أمن محافظه أربيل<br>ا لشعبه السياسيه/ الوارده<br>العدد ٦١٦٠٥<br>١٩٨٣/٧/٩ |

ئيمزا

الرائد

و/ عميد الامن

م. م .ع لمنطقة الحكم الذاتى

تێبینی :مۆری بەڕێوەبەرایەتی أمنی پارێزگای هەولێر

** بڕوانە دەقی سکانەرکراوی بەڵگەنامەکە لەکتێبی شەهیدیسەرکردە علی هەژار ژیانی وخەباتی سیاسی/چاپخانەی ڕۆشنبیری١٩٩٣

*** ئەم بەڵگەنامەیە لەسەردەقەئەسڵییەکەی کە لەلێژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان پارێزراوە، لەلایەن( مەلاشاخی) یەوەکراوە بەکوردی.

# دەربارەی بەرهەمەکانی

– بەر لەگیران وبێ سەروشوێن کردنی( دڵسۆز) ئێمە(( بەندە، ئەحمەدعارف ، دڵسۆز، بورهان چوارداخی، جەبارجەباری...)) کتیبخانەی ئاسۆ وگەل وهندرێن مان کردبوو بەشوێنی گفتوگۆ لەسەرمەسەلەچارەنووس سازەکان. هەمیشە بەشی سەرەکی باسەکانمان دەربارەی ڕۆژنامەگەری، ئەدەب، هونەر، فلکلۆر..بوو.

– لەیادمە لەگەڵ دڵسۆز وئەحمەدزامدار لەرێی((لقی سلێمانی یەکێتی نووسەرانی کورد))ەوە هەریەکە شیعرێکمان پێشکەش کرد تالەشاری کەرکوك کۆڕێکی شیعریمان بۆساز بکەن،وابڕیاربوو لەرێی رۆژنامەی ((هاوکـــاری))یـــەوە لەلاپـــەڕەی ئاگاداریـــەکان لـــەکات وشـــوێن ئاگاداربکرێین، بەلاّم چاوەڕوانی بیٚ هودەبوو، بەناچاری سەردانێکی سێقۆڵیمان کردبۆشاری سلێمانی ولەویٚ چاومان کەوت بە بەرێزان (( محەممـەدی حەمـەباقی و مـستەفاصالّح کـەریم )) ویـستمان بـزانین بۆکۆڕەکە نەسازا، ئێستایش سوپاسیان دەکەم کە زۆرئامۆژگاریـان کـــردین ،داویـــان لیٚ کـــردین پەلەنەکـــەین، گوتیـــان پاشـــەرۆژێکی پرشـنگدارتان لەپێـشە،ئەوەشیان لیٚ نەشـاردینەوە کـەجاش قـەڵمێك بۆتـەهۆی ئـەوەی رێگـا نـەدراوە سـازدانی ئـەوکۆڕە و بەخوێندنـەوەی ئەوشیعرانە..!!

– لـــەدوایگیرانی ئەحمـــەدعارف وحوکمـــدانی، لەگـــەڵ(( دڵـــسۆز)) لەزینـــــدانی (( أبوغریـــــب )) ســـــەردانمان کرد،لـــەویش بەشـــیك لەگفتوگۆکانمان دەربارەی ئەدەبی بەرەنگاری بوو..

--لەساڵی١٩٨١ دوای گیران وبیٚ سەروشوێن بـوونی دڵـسۆز، ئـیتر بەناچاری رووم کردە چیا..حەوت ساڵی ڕەبەق بەشێك لەشیعرەکانی هەمیـــشە لەکۆڵەپـــشتییەکەمدابوو، لەئەنفالەکانـــدا هەمووســـەروەت وسامان وکتیبخانەکەیشم تیاچوون،بەلاّم دەست نووسەکانی شەهیدو چەندشـــــیعرێکی بلاّونـــــەکراوەی ((راجـــــی ومـــــەیلی وغالـــــب وشەوگێڕی..))م لەژیانی پارتیزانیدا پاراسـت ...زۆرجار هەڤاڵەکانم تانــەیان لیٚ دەدام :لــەجیاتی ئــەم کاغزانــە نوردێــك نــان هــەڵبگری

باشــترنییە..! بــەلاَم مــن بێبــاك بــووم هەمیــشە دەنگــی دڵــسۆز لەگوێچکەمدا دەزرینگایـەوە : هـەرکێمان مـاین ونەفـەوتاین بەرهـەمی ئەویترمان ئەپارێزین . ئیتر لەگـەڵ ویژدانی خـۆم پـەیمانم مۆرکردبـوو دەبیٚ لەگەڵ رۆحم دابن.

– لەســاڵی١٩٨٩ لەشــاری‌نەغەدە لەگۆڤاری‌نووســەری کوردســتان لەســــەر راجــــی ومـــــەیلی بابــــەتم بلاَوکـــــردەوە، بڕیــــاروابوو لـــەگۆڤاری‌کرمانج دا لەســـەر دڵـــسۆزیش بابـــەتێك بلاَوبکەمـــەوە، هەرئەوســا بۆپارســتنی دەستنووســەکان وێنەیــەکم لەبەرگرتــەوە و تەسلیمی دەستی کـاك نجم الـدین أنـور)) بـرایم کـرد تالەگـەڵ خـۆی ببیاتەئەوروپا و لەفەوتان بیپارێزیٚ

– دوای‌ڕاپــەڕین وگەڕانــەوەمان ..جـارێکی تـر ئەوئامانەتــە بەنرخــەم پاراســت، ئــەوەبوو لــەژمارە (٢٨٠)کوردســتانی نــویٚ دا بابــەتێکم بەناوی (دڵسۆز..شاعیری لاوی بیٚ سەروشوێن ) بلاَوکردەوە.

– لەسـاڵی١٩٩٦وهـاتنی گـاردی کۆمـاری رژێمـی بـەعس بۆهــەولێر هــەموو ســەروەت و سـامانم بەکتێبخانەکەیـشمەوە تیاچـوون، بــەلاَم ئــــەمجارەیش شـــیعرەکانی دڵـــسۆز لەگــــەڵ خۆمــــدا بوونــــەوە بەپێشــمەرگە لە (( لەشکری١٤ی‌بابەگوڕگوڕ)) وئەمجارەیش لەفەوتان زگاربوون ..

– دوابەدوای پرۆسەی روخانی رژێم وهاتنـەوەمان بۆشاری کـەرکوك، شارەکەی شێخ رەزا وئەسیری وجەبارجـەباری ودڵسۆز..جارێکی تـر بەهیمەتی خوشکی بەوەفامان ((سەرگوڵ)) خانی هاوسـەری دڵسۆزی دڵسۆزو کوڕەکانی ،لـە کۆی ئەوبەرهەمانـەی لای مـن و دەسـت نووس

وكاسـێتەكانى لاىخۆيـان بەرهـەمێكمان ئامـادەكرد، لەكۆمپيتـەرە تايبەتييەكـەى منـدا تايپمـان كرد،بـەنيازى چـاپ وبلأوكردنـەوەى بەداخـەوە ئـەيش بـەهۆى سـووتانى هـاردى كۆمپيتەرەكەمـەوە تياچـوون، هەربۆيـە بەناچـارى جـارێكى تـر لـەجارى پێشووجوانتر ئامادەم كردەوە..

– ئـەم بابەتـەى لەبەردەسـتتاندايە بەشـێك لەبەرهەمـەكانى دڵـسۆزە،من دڵنيـام زۆربابـەت ونووسـينى وەك خـۆى بـى ٚسەروشـوێن بـوون، ئەوەجگـە لـەو كەشـكۆڵەى لەگونـدى ((بيبانى ))حەشاردرابوو، بووبووبەخۆراكى مۆرانـە.. هيـوادارم ئەگەرهەرتێبينييـەكتان هەيـە ليٚمـان ببـوورن ،ئێمەئێـستا هەرئەوەنـدەمان بۆكرا،ئەبەرهەمانـەيش لەدەسـت نووسـەكاندا چـۆن بـوون هـەروەك خۆيـان چـاپمان كردنـەوە ،دڵنيـاين ئەگەردڵـسۆزخۆى زيندووبوايـە ئێـستائەويش تێبينـى دەبـوو..بەوئوميٚـدەى توانيبمـان بـەم كارەمـان هـەم ويـژدانى خۆمـان ئاسـوودەكردبیٚ وهـەم خزمـەتێكيش بێـت بۆسـەروەرى شارەكەمان و بۆخزمەتى گەلەكەمان..

**مەلاشاخى**

* بڕوانە ئەوبەڵگەنامەيە كەلەكۆتايى ئەم كتێبەدايەو وەرگێڕدراوەتە سەر زمانى كوردى.

## فەرهاد...

دڵدارەکەم ...

وشەکانی زامی دڵم

ئاگرێکن،

بۆت دەسوتێین

ژیلەمۆی گڕی هۆنراوەن

بە خوێنی گیانم هەڵدەبن

لە کەژی زەرد و تەماوی

ناو دەروونی هەردووکماندا

چرایەکن، هاوارێکن،

ناکوژێنەوە،نابڕێنەوە....

گەڵاکانی پایزی تەمەن

ئێستا سەوزییان نەماوە

ئاوازەکانی نێو ناخـمان

هێشتا هەر راز ونیازەو

نەدرکاوە.

بەڵام گیانە

ئەیسەلـمێنم فەرهادێکم

قوڵینگی هیوام هەرپێ یە

لە بێستونی شەونـخوونی

راوەستاووم.

نەگۆڕاوم .

قوڵینگەکەم لە دەستمایە

فرێ ی نادەم

لە سەر بێستوونی دڵداری.

باوەرمەکە بێمە خوارێ .

١٩٧٦ /١٢/٢٦

# زامی ڕاوە ئاسک

ڕاوچیەک بووم
ماینە کەحێلەم تاودەدا
بەناوی یەزدان و تۆوە
ووشەی ڕاوی زمانم پڕا
نیازی شاییم لا مۆرکرا
ئەی ئاسکە ناوشاخی یەکە!
ئەی ئاسکە تاراوەکەی
دەشتی دەروونی بێمەیلم
ئاوزەنگیم گرتە دەستەوە
هەوراز... هەوراز...
بەسەرسینگی غەم و
کسپەو دەردەکاندا
بازم دەدا بەرەو ئەنجام.
ڕاوچیەک بووم
دڵم دیاری یەکی هەرزان بوو
دەکرایە قۆچی قوربانی،چاوی جوانت
بەهرەو سۆزی دەنگی خۆشت

بەدوای پرشینگی نیگاتدا

گەڕام..سووتام

وەك ساوایەك بەكامی دڵ تێر تێر گریام

زامەكانم .. ژانەكانم

بە قوتكەی كەژی جەرگەوە

سور هەڵگەڕان

كانی خوێنی شیعر تەقی

كەرێچكەی بەست گوڵی ئاودا

لە پاڵ قەڵای هیوای ڕاستی

سڕی هەنگاوی ڕێ ی هاندام

تا دواقۆناغم ببڕم

ئاخ مخابن شەوبۆی جوانی خۆشەویستی

بەری بەهاری ئاكامم

كەوتە پێ دەشتی مەرگەوە

كەوتە ژێر باڵ و چەپۆكی

شەوی تاریك وهەورەوە.

پێڵوی بان گلێنە لاچوو

وەرز،وەرزی ئێشەكان بوو

خۆم بینیەوە لە دۆڵێكام

نە تروسکە، نە ئاوازێ
نەخێرخوایەک،نەدڵسۆزێ
نەهاتە هاوارو فریام.
لوورە ونەڕەی جانەوەران!
خۆیلەچاوگەی زەڵمی هیوای من دەچەقان
کەچی هەر من ،منی زیندوو
منی برین،گڕ و تێشوو
تێنوو...تێنوو..تێنووی ئارام.
تێنوی زەماوەندی ناکام .
چزوی سام وفلیمی گۆڕنەی ترساندم
خۆشەویستی نەدۆڕاندم
هەر گۆرانی دەڵێمەوە
ئێستاش ئەگەرهەر بەهارێک
هەر وەرزێک چاویئەسرین بشواتەوە
سەر هەڵبدا لە ناخی ئۆقـــــ
شنەو بۆنی یارم بێنێ
هەر ئەو گڵە ووشک و زەردەم
هەرئەو داربەڕووە ڕووتەم ئەژێمەوە!
لاووک دەڵێم،گوێ دەگرم

دەگەڕێم بۆت گەرمیان کوێستان

شێت تر لە شێت..

گەر نازانی

دەتکەمە هەڵبەست،مۆسیقا

خۆشترین بەستە و گۆرانی

کەرکوک ۱۹۷۶

## کۆڵنەدەرێک

من ئاوارەم

ژانم ، برسیم

بۆ خۆراک دەژیم

لەگەڵ ئێشی زامەکاندا

لەگەڵ ئەستێرەی نەنوستووی

سەراپای دڵی جیهاندا

شەوارەی ناخی شەوگارم ،

خەوم نی یە

باوێشک وخەواڵوەکانم

بانگی زوڵاڵی بەیانن

دەبنە پرشینگ و

بێزاریئەم شەوە زەنگە

شەق دەكەن .

هۆ گوندەكەی ڕەگ وڕیشەم

هۆ گەندەكەی بەبێ سرووەم

خۆشەویستیت ڕاستیەكە

هاوەڵی هەناسەو خوێنم

لە بیرمایە ،لە خەومایە

خۆشەویستیت گرێكەو

لە بەستەڵەی دا هەڵدەبێت

خۆشەویستیت چڵی دارەو

گەڵای بە پایزناوەرێت

لە سەر سینگی نەك پایزێ

هەزار پایز

هەرئەرخەوانەو بۆت دەڕوێت

كەركوك ١٩٧٧

## كزانەوە

من كزانەوەی زامێكم

ڕۆژنیە بە هەزاران جار

برینم هەونەكاتەوە

من کزانەوەی زامێکم

کەڵبەی پاچی غەمەکان دەمبڕنەوە

هاوارم برد بۆ لای قەلێ

وام زانی کەوی دەرونی،

گەزیزەکانی بەهارمە

سکاڵام برد بۆ ژاڵایەك

وامزانی ئاسمانی شینی

شیرینی گوڵەگەنمە

بەڵام سوێند بێ بەگەلەکەم

بە خۆشەویستی پیرۆزی

هەموو دڵدارو ڕێبوارێ

تەنیا خۆم بووم

کوڵی ژانم هەڵگرتبوو

ئاڵای باڵای دلبەرەکەم

لە دڵمدا دەشەکایەوە

بۆیە بڕوای ڕێگای بێستوون

هەر بازو قوڵینگەکەمە.

کەرکوك ۱۹۷۷

# ەیامی کوردایەتی

## بۆ دایک وباوکی شیرینم

*ئەی دایک وباوکی شیرینم*

*ئەی قوتابخانەی ڕێڕەوی ژینم*

*لە ناوجەرگەی خەباتەوە*

*لە ڕێ ی هاتوو نەهاتەوە*

*بە هەناسەی هەڵکروزاوم*

*ئەنێرم گەرمەی سڵاوم*

*باوە مژدەبێ ،*

*دایەمژدەبێ*

*بێ ئەوەی دڵتان زنجیری غەم بێ*

*بەرگی دیلیەتیم لە خۆم کردەوە*

*گرەوی سەربەرزی ژینم بردەوە*

کاتێ چەکەکەم کە خستە سەرشان

ناوی خوام هێنا ..

وتم کوردستان

بە ووره‌یه‌کی بەرز

بەبێ سڵ کردن

ملم نا بەرەو ئاسۆی سەرکەوتن

بەبێ ترسان لەرێی مردنا

سنگم نا بەرووی سنگی دوژمنا

دیم لە دنیادا سەربەستی چێنرا

لای ئێمەش پەتی مردن هەڵخرا

هاوارم کرد .... زۆر بەبێ باکی

ئازادیم ئەوێ نەوەك تاریکی

بەڵام هاوارم هەربێ وەڵام بوو

لە جێگای وەڵام بۆمباو گوللە بوو

خۆم نایە ناو سەنگەری خەبات

بێ ترس وگوێ دان بە هات و نەهات

گیان ودڵی خۆم کردەریگاو پـرد

بۆ پاراستنی شەرەف ومافی کورد

هەستی دڵسۆزیم لەم کوردستانە

پیشەی بەرزی ڕێگای ژیانە

گۆی نادەم بە دڕکی ڕێگام

تا ئەمرم لەگەڵ ئاواتی کوردام

بەڵێ.. دایک و باوکی شیرینم

ئەمەیە ڕێگای ڕێڕەوی ژینم

کاتی کتێب وڕۆژنامەکان

هاواریان کرد بۆ کوردستان

بانگی ئازادی کوردیان دا

لەگەڵ دەنگی میللەتاندا

بۆیە منیش خۆشم ویستن

پەیمانێکم بۆ مۆر کردن

دەنگم لە گەڵ دەنگیا نابێ

لە هەرچەشنێ کەواخوێن بێ

ڕەشەبای ڕۆژگار

قەت نەیوەرێنێ

تاکورد ڕزگاری خۆی بەدەست دێنێ

١٩٧٤

# بەهار و نەورۆز

دیسان بەهار هات
غەمی بردەوە.
بەهار نیشانەی جەژنی کوردانە
ئاگری نەورۆزمان  واهەڵکردەوە.
بڵێسەی نەورۆزەلە سەر گشت شاخێ.
هیوای نەمری ئەدا بە کوردان
ئەڵێ کورد نەمرەوهەرگیز نارِوخێ.
بە سرودی بەجۆش بەچەپڵە رێزان
وا گوژو ئەکەین بەرەو دەشت و شاخ
بۆ لای گوڵاڵەی زەرد وسوور وجوان
بەهاری جوانمان وا بوژایەوە
بەرگ نوێی کوردی جوانمان لەبەرکرد
بەم دیمەنانە خەڵک رِازایەوە

کەرکوک - رەحیم ئاوە1971

## کوردستان

کوردستان شیرینە لەلام

دەشت وشاخ ورووبارەکەی.

کوردستان شیرینە لەلام

باخ و گوڵ وگوڵزارەکەی.

کوردستان شیرینی لەلام

بە راستی دڵگیر وجوانی

کوردستان زۆرخۆشتم دەوێ

خۆزگەبە دەردم دەزانی

هەرچەنددە روانمە دیمەنت

وازانم خاوەن جیهانم.

زۆر شانازی بەوە دەکەم

کە وا نەوەی کوردستانم.

خۆشەویستی گشت کوردێکی

لەناوخاکی بەشکراوم.

منیش یەکێکم لەوانەی

بە عەشقی تۆوە سوتاوم.

کوردستان ئاوازێکی
بۆ هەستی کوردایەتی.
کوردستان بەهەشتێکی
بۆ ئاشتی و برایەتی.
هەرتۆ پەناگەی گشت هەژارانی.
پشتیوانیانی و دەردیان دەزانی.
ئێمە ..بولبولی باخی جوانی تۆین
بێ باخی جوانیت
هەردەم رەنجەڕۆین
هەرگیز نازانین بخوێنین
بێ دیمەنی دەشت و شاخت
هەمیشە هەربرسی وتوێنین
بێ بەرهەمی نان و ئاوت.
بۆیە هەمیشە واین لە تێکۆشان
رێگای‌سەختی خەباتمان ئەبڕین
تارزگارتەکەین لەچنگ دوژمنان.
کەرکوک/رەحیماوا
١٩٧١

# خۆزگە ...

*خۆزگە دەزانن بە دەردم*

*کە چەندە هەناسە ساردم*

*چ داخێ وا لە دڵمایە*

*چ درکێ وا لە ڕێمایە*

*درکی ڕێگای بەختیاریم*

*ڕێگای تەمەن ودڵداریم*

*کام تەمەن؟ تەمەنی بەخەم*

*باسی کام ڕۆژی بکەم؟*

*لە منداڵیم تاکو ئێستا*

*ڕۆژگار هەر یاریم پێ ئەکا*

*کام لاپەڕە هەڵدەیتەوە*

*زیاتر زا مم دەکولێتەوە*

خەلیفان ١٩٧٤/٣/١٩

# سەیران و بەهار

رۆژێ لە رۆژانی بە هاری ژیان
من ویارهەردوو
دەست لە ناودەست بووین
بە ئارەزوی دڵ چووبووین بۆسەیران
سروشت بەهاربوو
سەراپا رەنگین.
جوانی بەهار زۆر دڵ رفێن بوو
دوو دڵی مەستی خستە پێکەنین.
گوڵ رازابۆوە لەگەڵ دەغڵی سەوز
دەغڵی بەپیتی جوانی کوردستان
هەڵسابوو بەقەدجوانی باڵابەرز
ئا لەو بە هارەو ئا لەوجوانی یە!

لەو سروشتە پڕ گۆرانیە !

گوڵی جوانی خۆم مەستی کردبووم

دڵ دەیگوت بێ ئەو جوانی نیە

شەماڵیش ئەهات جارجارلەسەرخۆ

خۆی ئەدا لە قەد نیسان وشەوبۆ

هەردوو زۆر بەناز ئەلەرانەوە.

دڵی عاشقی ئەتاوانەوە.

دەنگی شیرینی مەلانی گەرمێن

خۆشیان کردبوو بەزمی‌دڵ ڕفێن

ئاهەنگی خۆشی وەرزی بەهاری

لەخۆشی گوڵان دوور لە بێزاری

دەشتی یبانی

نیسانی١٩٧١

# بێزاری وڕاپەڕین

*چەرخی زەمانە زۆر لێت بێزارم*

*پێم ناڵێیت توخوا ئەمە کەی ڕۆژە*

*بەش بەش کراوە وڵاتی جوانم.*

*چینی هەژاران زۆرە وەک لافاو*

*نا مەردو سیخوڕخۆیکردووەبەپیاو*

*هەژاری دڵسۆز ئارەق ئەڕێژێ*

*بێگانە ونۆکەر خۆشی ئەنۆشێ*

*تەنیا ماندوو بوون بۆ هەژارانە*

*بەرهەمی کاریان بۆ زۆردارانە*

*سامانی وڵاتم هەروەک لافاوە.*

*بەڵام داخەکەم بۆ ئێمە نیە*

*ڕەنگمان لە برسا زەرد هەڵگەڕاوە.*

*بەڵام وا نابین هەر ئاخ هەڵکێشین*

*وا کورد ڕاپەڕی لە کوردستانا*

*زۆردار خۆت ڕاگرە ڕیشەت هەڵکێشین*

*ڕەحیم ئاوە ١٩٧١*

# ژیانی تاڵ

ژینم تاڵە.. کەس تێناگا.
لە بەر خۆری ئازار سووتا
هەنگاو دەنێم بەرەو گوڵزار..
دڕک وداڵە لە نێو ڕێگا.
ئاگرە ناخی دەروونم
بێ ئاگام لە ژین و بوونم
نازانم چی بکەم ئەی خودا
لە دەریای شۆخیکداوونم
جوانیّ گەشە وەک نەورۆزە
جوانتر لە جوانی ڤینۆسە
ڤینۆسێکە بۆ ژیانم
کەچی ئێستاکە وا سیسە

کەرکوک- رەحیم ئاوە١٠
١٩٧٣/٨/

# هەورازی تێکۆشان

برای هاوخوێن وزوبانم

لە هەورازا لەگەڵتانم

هەورازی تێکۆشانی کورد

ئامادەم بۆی ببم بە پرد

بە باوڕێکی پتەووەوە

بچێتە ناخی شەووەوە

گشت شەوەزەنگی ڕامالێ

کە کورد لە دەستی ئەنالێ

لەگەڵتانام لە چیاو چۆڵا

لە گەرمەیهاوین،

لە ناو سەهۆڵا

لە ناو سەنگەری خەباتا

سەنگەری ڕێگای ئاواتا

ئاواتی پیران وقازی

کەگیانیان لەڕێیابەخشی

منيش وێنەی ئاوانم
ملکەچی ئەم ئاوو خاکەم
رەگی درِك دەسوتێنین
گوڵی لە جێگا دەرِوێنین
بەهارێکی بێ کۆتایی
بۆ کوردستانی خوێناوی
بۆ ئەم وڵاتە بە ئازارە
کە چواربەشەو برین وداره

کەرکوك کانونی یەکەمی ١٩٧٥

# سووتانی گوند

با دێیەکان...بسوتێن

به دەستی چەپەڵ.

وڵاتی جوانمان لێ بکەن بە دوکەڵ

چی بۆمبا هەیە با ببارێنن

دەبا ڕەزو باخمان بسوتێنن

منالٚ بێ باوک ،

ژنیش بێوەژن

خوێنی هەزار بێگوناح بڕژێنن

خوێناوی لەشمان وەک لافاو سەرکا

دەشت و چیاو چۆڵ

هەمووی نەخش کا

ببێتە یادگار وەکو تاقەوسـان

ئەو هی دڵداری ئێمەش .. کوردستان

کوردستانێک کە گۆشت وخوێنمانە

جێگای ئێمەیە گۆڕی بێگانە *

سەربازگەی خەلیفان شەوی١٩٧٤/٣/٣

* ئەم هۆنراوەیە ڕۆژی ١٩٧٤/٥/١٨ لە ئیزگەی شۆرش خوێندراوەتەوە

# فڕۆکە ...

ئەی فڕۆکە خوێن ڕێژەکان
پێشێل کەرانی مافی ژیان
ئەی دوژمنانی بیرو خوێن.
لەدەست پێشمەرگەچۆن هەڵدێن؟
بە شەوو..ڕۆژ بەبێ پشوودان
دێنە ئاسمانی کوردستان
داخی ژەهراوی دەڕێژن
تا ئازادیمان بنێژن
بەڵام ئەوەش بەبیر بێنن
تەنیا خۆتان دەخەڵەتێنن
نەمانی کورد فیشاڵێکە
هەم خەوێکەو .. خەیاڵێکە
هاکا لەو خەوە راپەڕن.
پەنجەی پەشیمانی گەزن

ئێزگەی بێتەلی ئاراس /ناوپردان
١٩٧٤/٤/٢١

## نامەیەك

# بۆکەرکوکی بریندار

ئەی کۆتری ئاشتی،
توخوا وەرە.
نامەی قینیبێزاریم بەرە.
بیخە بارەگای زۆردارانا..
لە ناوجەرگەیکوردستانا..
بۆ شاری بێنازکراوم
بۆکەرکوکی لەخوێن گەوزاوم
تیژتر لە گوللە زوو بیگەێنە
لە قەلآدزێ ...وزاخۆ
جوان بینەخشێنە
بەخوێنی گەشی مێشك پژاوە
هەڵەبجەش جەرگی لێ کون کراوە
لەگەڵ رووناکی باوەگورگورا
نامەی کڵپەو شۆڕش هەڵپچرە
ئەو شۆڕشەی کەوا چرای دڵمانە
لە شارو کەژو لادێ .. ژیانە

*سۆزی گۆرانی و  تینی لاوانە*

*سروودی خۆشی بۆ منداڵانە*

*دڵمان هەرگیز نابێ لەت لەت*

*گەرچاوببینێ رێگای سێدارەو پەت*

*کەرکوك بەشێکە لەوگیان ودڵە*

*مەحاڵە ژیان بێ ئەو لەم گڵە*

ئێزگەی بێ تەلی ئاراس

ناو پردان

١٩٧٤/٤/٢١

---

# بولبول

باخی ناوبردان ١٩٧٤/٦/٦

بولبول تۆ شێتی بۆچی دەخوێنی
یادگاری پێشووم بە بیر دەهێنی
کەیکات گۆرانیوبەزم وسەیرانە
ئازارەکانم ڕوو لە ئاسمانـــە
ئێستاکە لێرە لەم باخە جوانە
گڕی هەڵبەستم لە سەرزووبانە
داخ و هەناسەی دڵم دەرێژم
نابینی مەست و وورو بێهێزم
هاتووی بۆلام دەم بەگۆرانی
وەکو سالأنی پێشوی جارانی
بولبول نامەوێ تۆ گەوریی خوا
جارێکی دیکە کاری ناڕەوا
سەیرکەو بڕوانە چەند پەرێشانم
لە دەربەدەری ڕێگای ژیانم
من لە گۆرانی هیچ خۆشیم نایە
کەدەربەدەرم بەم لاو بەولایە.

## هەڤاڵەکەم

ئەی هەڤاڵە شیرینەکەم

ئەی هەڤاڵە دێرینەکەم

قەڵای نهێنی دڵی غەمبارم

هاورێی منداڵیم

چرای بەهارم

ئەمرۆ کەهەڵسام کاتی بەیانی

بەرەو ئاسۆگەی

ڕووناک ئەمرۆانی

دەنگی ( کاروانی دەستەی شەهیدان )

بەرەو مەڵبەندی هەمیشەی پاکیان

دەنگی لەو دەنگە لە کوردستاندا

دەنگی دایەوە لە شاخەکاندا

لە ناکاو ناوت کەوتە بەرگوێم

حەپەسام سەرسام

نەمزانیچی بڵێم

دڵ کەوتەلەرزین

گیان هێزی نەما

هەست و بیروهۆش

ژیالەگەڵ غەما

بە یادی تۆبرای شیرینم

یادی ڕۆژانی ڕابردووی ژینم

چۆن بڕوام هەبێ برای بەڕێزم.

چۆن غەمگین نەبم،فرمێسک نەڕێژم.

خۆشەویستی تۆ ناشارێتەوە

دەنگت لە گوێمدا ئەزرنگێتەوە

بەڵام ئەی هاوار نازانم تۆ چیت

هەرچەند ئەڕوانم ..

بۆچی تۆدیار نیت؟ *

---

* ئەم هۆنراوەیە لە ١٩٧٤/٦/٢٤ لە هاوینەهەواری (احمد ئاوا) بۆ شەهید ( قوربانی عمرحەمەصالح بیبانی )خوێندرایەوە کە لە ١٩٧٤/٥/١ شەهید کرابوو لە ئۆمەرمەندان

# گولاڵەی ژیان

چۆن پێدەکەنی گولاڵەی ژیان
بە زەردەخەنەی جوانی سەرلێوان
بە پرچی لول و..بە زەردو سووری
بیروخەیاڵمت لەریشەگۆڕی
لەبەهاری‌سەرەتای جوانی
ئەویندارى بەستەی‌ژیانی
هەقتە گولاڵە تۆ پێ دەکەنی
نازانی تیرت لە دڵم ئەژنی؟
گیانە ڕێبوارم نەوەکو دڵدار
پێشمەرگەیەکم بۆ کێو ونزار
عاشقم بەبڵیسەوگوللەوچەکەکەم
وازم لێ بێنە .. مەیە ڕێگەکەم

مالومە

پاش نیوەڕۆی١٣/٦/١٩٧٤

## خۆشەویستی وجوانی

زۆر پەری جوانی بێ وێنە

جەرگمیان سوورکرد

لە دەریایی خوێنا

بە گوللەی ناز ،

بە کۆڵمی ئاڵ

هەستمیان فڕان

بە شەقەی باڵ

بەرەو بەندیخانەی ئاسکان

سزایان دام بە ڕۆژ وبە ساڵ

کەچی گیانم پۆڵایەک بوو

ڕزگاری بوو

بەڵام ئەی چیا سەرکەشەکان

ئەی ڕوبارە زیوینیەکان

ئەشقی ئێوە مەلێکە
تین وهێزی شەپۆلێکە
لە لوتکەی ئەڤەرێستی دڵما
وان لەگەڵما بۆت ئەخوێنن
فەرهادێکی باڵای شیرینن
بەڵگەی ئەمەك و دڵسۆزین
لەناو گۆشەی تاریکیما
قوڵنگی پیرۆزی پرشنگ
ڕوەو گوڵاڵەکانی ژین
بۆ تەمەنم ئەوەشێنن

---

شەوی ١٩٧٥/١١/٢٤ هەولێر میوانخانەی (خۆشناو)

## گوڵی پەیمان

هێشتا مناڵم بە خەونەکانم

هێشتا گوڵم بۆ ڕۆژەکانم

جیهان پڕئەکەم بە گۆرانی

پەیمان کەشتی کاروانەکەمە

لە دەریایی ڕەشی لەبیرچونا

پەیمان ئاڵایەکە لە ئاسۆ

لە بەیانیەکانی تەمەندا هەڵدێ

بە نێو تەڵی دڕکەکانا ئەپەڕمەوە

وشەکانی کانیاوی ناخم ئەنوسم

بە ناوی تۆڵەسەر دیوارو چڵەکان

لە سەر سنگی چیاو دەشتەکان

گۆرانیت بۆ ئەڵێم

خۆشەویستەکەم

شەوی ١٩٧٥/١٢/١٧

# بارانی خەم

کە ئاسمانی غەم ڕوانی

سروشت لە تافی خۆشی یا

بۆ سەرەتای گەشتێکی نوێ

کەوتە بزوان

بەرەو گەرمیان

لە تاوێکدا لە خەوا

چاوی نوستن

هۆشی کپی نیوەی مردن

ڕاچڵەکا

پێڵوی نوستن لە چاو ترازا

چاوتیژی سرنج بینی

دڵی گەرمیان کەوتە قرچە

هەتاو هەڵهات لە ئاسۆیا

چنگی ساردی هێزی نەما

خەرمانی بەفری پەژارە

توایەوە....بڕایەوە

کشا هاژەی هەنگاوی زوو

هەڵی لووشی زەوی تێنوو

پرسیار کرا لە خۆری ناز

لە نهێنی لە خەوی ڕاز

سەرما بەفر ڕەهێڵەکان

لە کوێن وکوان

زاری وەڵام هاتە دوان

لە توێی گڵکۆی مەرگا نێژران

کە زانرا پرشنگ دیارە

وەرزی بەهار ودڵدارە

١٩٧٤/٦/١٣

## گلێنه

راستی یەک بۆخۆم وهاوڕازەکانم

ئەیدەروونەنەمردووەکان!

ئەیدەروونەپیرنەبەدووەکان.

ئەگەر..ویستتان

ببنەفەرهادی شیرینتان.

ئەی دلانی رەنگ ئەرخەوان،

گەرهاتوو ژان وتاسە بوون.

وەکورێبوارێکی تێنوو،

وەکوهیزی‌ناخی چیایەک،

لەرێی خۆری‌بالای‌جوانی،

کاکەمەم وخاتووزینتان

بتوێنەوە.ببرێنەوە.

گۆرانی یەک بلێنەوە.

هیچ دلدارێکتان نەوێ

بەبالاو کلپەی ووشەی زار

بەشەوقی شیعری‌رووگلزار

فریوتاندا.

قوڵنگی لەگەڵ هەڵمەگرن.

هۆنراوەی تێنووی بۆمەڵێن.

لەپڕێکا ....

لەهەڵێکی...نزیکا.

پێڵوی خەواڵوهەڵدێنن.

بەسەرسامی ئەبیننەوە،

ئەبیسنەوە.

نەمامی‌شەونخوونیتان..

بەناکامی دەشێلد ڕێ.

شێری...سەربازی بەڵێن.

ئەمەک مردن، جۆگەلەی خوێن.

خۆی درکی ناحەزی‌ابەکر...او

ئەچزێتەگیانتانەوە.

خۆی مارەکەی‌اشێخ هۆمەراەو

ژەهرو قینە....

دەئاڵێتەگەردنی بوونتانەوە.

***

لەگەشتی ڕێچکەی ئەویندا ،

ئەچنە ..باغی گوڵەکان،

لەخورەیبارانی ئەسرین،

ئەچنەلای..باڵندەکان.

باغیسرووشتی نازەنین،بەهەشتێکە....

بێ مەی پێکی یەزدانە.

دڵرفێن و..سەرخۆشکەریپیروجوانە.

بەڵام وریایزەنگێک بن !

لەگوێتاندا هەردەنگی بێت.

یاساوڵی بەهارێک بن،

سەوزی لەبیابان ون نەبێت.

جوتیارێکی پاچ بەدەست بن،

کانی سازگارتان تاڵ نەکەن.

تامیخۆشەویستیتان..

بۆقومەئاوێک ..نەختکێ.

تائاوێنەی خۆرکۆچ نەکات

بێ هۆش مەبن! سەرخۆش مەبن

بەرەنگیهەمووگوڵەکان.

سەمامەکەن..بەدەنگی هەموومەلەکان.

## خەوی ڕاستی

تۆ خەو نەبووی
زیندە خەوون بووی
لەیەك سەرچاوەی سازگارا
لەیەك جۆگەلەو ڕوبارا
توینویتیت پێ دەشكێنم
نەك بۆ گەرووی
تێنوو نەشكاوی گرڕدارم
نەك بۆ سەوزی
وەرزێكی تاقە بەهارم
نادڵەكەی گیانی بێ دڵ
نا خۆرەكەی ماوو ونەمری
بەری ئاسمانی بێ گەردم
نا یادە شیرینەكەی

کێوو دەشتی لە پاش مەرگم

هەرچی ڕێگای هەورازی دڵدارییە

هەرچی بەری پشوودانی بەختیارییە

چاوی خەواڵووی ساواییم

پێی ڕائەچەنی و هەڵ ئەهات

لە گەرمەی جۆشی چیرۆکی

گوێی ئاگردانی زستانا

لە کوانووی پشکۆی نەکوژاوەی

ڕەگی باوو باپیرانا

ووشەی دڵمەو ناسڕێتەوە

ئاوازێکەو دەزرینگێتەوە

ئاگرێکی پڕ کڵپەو خۆشە

دانامرکێ و ناکوژێتەوە

## سکاڵای ڕێبوارێک

ئەی پەیکەرە یەزدانییەکەم.!

ڕێبوارێکی ڕێگادوورم

ئەمشەو هاتوومە ئارامگا،

ڕێبوارێکی چاوی تۆم و

خاکی دڵم ئەنجنراوە.

لەڕێی رازو پەیمانەکان

ئاوارەی بیابانی وشکم،

لەڕێی گۆنای سوورو جوانت

بەهارم.. زەوت کراوە.

ناوهێنانت ئازارێکە،

تاوانێکە، بەپشکۆی یاسا...بڤەیە

گیانی منی پێ داخ ئەکرێ.

***

بەناوجەرگەی ئێشەکانما

ئەواهاتووم

شەکەتی ڕێگای دڵداریم

ماندووی ڕێگای بەختیاریم

پشوودانم  مەڵێکی لانەسووتاوە.

پشوودانم نهێنییەکە لەدەرنم ئاخنراوە.

عەودالی کۆشی هێلانەی

چڵی سەوزی نەبەزاوە.

ئارەقە ئەکاتە هیوای پۆلا

ئارەقە ئەکاتە ژێلەمۆی..ئاگر

بۆ پەڕەی پەیامی سپی،

هەڵی ئەگرم لەگەڵ خۆما

لەشەوێکی پێ ئەستێرە

لەڕۆژێکی پێ پرشینگی تیشی زێرین

لەسەرلووتەشاخەکانی جەرگ ودڵما

شێرە بەفرینەی خەم وژان

بۆهەمیشە راوی ئەکەم.

.............

لەگۆڕێکی بەتاهەتا

ئەی دڵدارە بێ بزەکەم.

# تەقینەوەی ژانەکان

هەر دڵم بۆدڵداریمان

دڵداری،کامەدڵداری؟

دڵداریڕاستی،هیکوێستان.

لەگەرمیان دەنگ بداتەوە.

دڵداری دەنگی زوڵاڵی

زمانیبەستراو و لاڵمان.

بێتەگۆبەنرکەوسروود،

بۆهەڵاڵەیپاش خەزانیڕووت.

لەوەرزێکی گەشی بەهارا.

گوڵەگەنم لەسەرچاوە

بەلوولەیچەکی پێشمەرگەی،

بێ ئارام وتەقینەوە،

بەناڵە و زام وبرسێتی

خوڕەی خوێنی ئەسڕینەوە.

( سیروان ) یٚسەرچاوەبگرێ

تا تاسەی بێ شەوق ودەنگی

ملیۆنەها خۆزگەوئاوات.

ئۆخەیئەکات.
تا تاسەی شمشاڵی شایی
بووک وزاوای نوقڵ وبەرات.
کاکەیشوانی دوورلەگورگ
رۆڵەی کوردی داخ لەزگ.
جۆش وخرۆشی پێ نەدات.
تا داربەڕووەسووتاوەکان.
گەڵاکانیان سەوزنەبێ
تا کەوە بەند کراوەکان
بۆسەربەرزیونان وبەهار
چریکەی ئاواز..هەڵنەدەن.
پەیمانی کوردێکی ڕاستم،
لەخەنجەرێکی دەبانە
ئۆقرەوبێ دەنگی وستەمی
ئەم وولاتەی پێ سەرئەبرم.

## ناڵەی تێنوویەک

هۆخاتوون گیان!
بەرۆکم بەردەبابرۆم
خۆشەویستی شێتانەی تۆ
خەوێکی پرژەهراوی یە،

قەفی خەمم ناپچڕێنێ

من کێوێکی سەربەتەمم

شەورمبازییم لەسەرئەکات

رووبارێکی بەرگیراوم

زەوی تێنووچاوەڕوانمە

من کەوی چواروەرزیساڵم

چریکەم بەندی دەروونمە

وەرزێک نییە تیابخوێنم

خەم لەڕیشەی خاکی دڵما

مێخی ڕەشی داکوتاوە

داربەڕووەکانی ئاواتم تێنوون،تێنوو...

رەگ وڕیشەیان قرچەی دێ

چاوەڕێی کانی سبەینێن

چرۆیگەڵاسەوزەکانیان

شانۆی کەژوهەردەکانم بنەخشێنن.

# بومەلەرزە

کە بومەلەرزەی لووتکەی کێو

ئۆخەی ژەهراوی دەرروونی

ژەندرمەکانی هەڵتەکان..

کە بومەلەرزەی لووتکەی کێو

نرکەی گەرمیانی تەنییەوە

پاڵ تاشەبەرد..ئەشکەوت، چنار..

پارچەئاسنی بۆمباکان

ئێسکی کۆرپەبێ نەواکان

داروخۆڵی..شاروگوندەسووتاوەکان.

بوونەچەخماخەو چرا

دڵدارەکانی کەو وخۆر

لەگەڵ یەکەم سەلاّوبانگا

بوونەتریفەوئەستێرەی

گڵکۆی دڵی شەهیدەکان.

***

وەکو سەگی نهێنگیری

سەری کۆلاّن وشوستەکان

کەڵبەی شاش وگلآویان
نایەخوێن وچڵی دڵم
لەپێش چاوی...
هەناسەوبانگی دەنگمدا
یاسینیگاڵتەجاڕییان
بەقاقاوەبۆئەخوێندم
گوایەمردم،گوایەکپم،
نا نا ..نامرم
فەرهادێکی ئەم سەدەیەی
ئەوشاخانەم
ئاویکانی گوڕی خوێنمە.
نا نا نامرم
باخەوانی کەژویاڵی ئەم وولآتەم
تەوروپاچم فڕێنادەم،
تاشەبەردەسووتاوەکان
سەرینی خەوەکانمە
ئاسمانی بێ ئەستێرەیکورد
داڵدەی شەوی بێ پەنامە.

# گڕ

-١-

سۆزێک لەدڵماگڕئەگرێ

خەمێک لەدڵماشین ئەبێ

وام مەست ئەکات بەپێکی ژان

بێ دەسەڵاتی وفرمێسکی،

بەرپێی کڕنۆشی خەمەکان

واهەڵ ئەچن،وا ڕێ ئەگرن

هەرچیسنووریدڕکاویترس وخەمە

لەجەستەیمندانامێنێ

واهەست ئەکەم لەناخەوە

گۆشت وخوێنم شەپۆلێکن

خێراترلەماین سوارێک
لەسێرپانێک
مۆمی دڵیان هەڵکردووە
هیچ چاڵی ودۆڵ ونشێوێک
تەکانەکەیناوەستێنن.
تانەگاتەشارەزوورو
لەگۆڕستانەتاریکەکەیاسەیدسادقدا
وەک چرا دام نەگیرسێنن.
لەخەنەبەندان وشایی
وەلی شێتیکەژوهەرد دا
بەکامی دڵ ئەتوێمەوە.
-٢-
دایە بەسە مەمترسێنە.
دایەچیتر راممەژێنە،
خەوم نایە
بێزارم لەخەو و خەیاڵ
من ئەودەسرازەئەپچڕم
گیانمی پێ شەتەک دراوە.
پێم ئەخورێ بۆ لۆقەکردن
بەدوایزەنگێکی کاروانا
ئەوابەجێ مام وشەوە

ئەم كۆتەم لێبكەرەوە

هەرهەمووگیانم ئەوینە

زوكەدڵم پێ بدەرەوە

دایە هەزارەها پرسیار

وەكوچیادڵمیان گرتووە

ئەودڵەلەكوێبهێنم

گوڵیئەوینی تیانەبێ

راكات لەترسی پرسیارێ

رۆژنییەرەوێ پەپوولە

خۆیان نەكەن بەقوربانی..

......

.....

.....

# نەورۆز*

گەرلێمان پرسن چی یەنەورۆز؟
ئەڵێم :......پرشنگێکە پیرۆز.
مێژووی خوێناوی ئەم خاکە.
پێمان ئەڵێ :خوشکە ! کاکە !
ئێرەخاکی‌سەررپێی کوردە.
نابێ بە هی گورگ وجەردە.
زوحاکەکان گشت کۆبنەوە
چی تەڵەوفێڵە بیدۆزنەوە.
راوناکرێین بە تۆڕی شرپیان.
چەند تێم بەردەن سەگی درپیان.
زوحاک بەکۆمەڵ ئەیکوشتین .
بەرەو قەنارە ئەی بردین .
رۆژنەبوونەبێ بەشین وشەپۆڕ
لەم کوردەی ئێمە نەبەن بەرەوگۆڕ

---

*لەکاتی تایپ کردنی ئەم بەرهەمانەدابوو کاسێتێکی ترم لەلایەن کاکە ((رێبوار))ی‌کوڕی شەهیدەوە پێگەیشت کە کۆڕێکی دڵسۆز بوو بەدەنگی‌خۆی پاش ماندووبوونێکی زۆر ئەم دوو شیعرەی‌لێ تۆمارکرا.

سەرەنجام رۆژێک نێکرا دانیشتن .

وتیان هەتاکەی سەرشۆڕی وکوشتن.

تێکرا هەموو هەژارەکـــان....

دایانە سەرکۆشکی سوڵتان .

ئا لەم رۆژە و ئالەم ســاڵە.

کەللەی زوحاک بووبە ئالا.

بەڵێ ..نەورۆز گەلێکی ئەوێ .

یەک دڵ ودەس لێرەو لەوێ .

بۆمردن وژیان هەموو پێکەوە.

بەڵێنیان بەتین بمێنێتەوە .

یەک ڕچە ڕێ ی مردن بگرن .

یاسەرکەون یاخۆبمرن .

کە واشانازی یە بەخوا .

ئەوەی بمرێ لەڕێ ی بڕوا .

نەورۆزی کورد ئەبێ وابێ.

نەک لەپەنای شای گولابێ.

ئیتر باڵ هەڵبڕین ئەستەمە

چی تربڵێین بەڵێ قوربان ...

بۆ..خوا بۆ..وەی دروستکردین

هەرمل کەچ و داماو بژین .

مردن خۆشە،ڕێگای مەردن

نەوەك دیلی وکڕنۆش بردن.

ئەی ئەوانەی هەقتان شێوان *

هەڵسن وەرن بڵێن پێمان

هاخام، قەشە، پاشا ..مەلان

پێنج ئینجیل و تەورات قورئان.

کامە کتێبـــی خوا ووتی.

مرۆڤ بژی بەدیلیەتی .؟

...........

*.........

---

* بە لێدانی چەپلەیەکی گەرم کۆتایی بەشیعری یەکەم دێ،کۆڕگێڕسوپاسی شاعیردەکا کەئەمشیعرەی کتوپڕنووسیوەوپێشکەشی کردووە..

# بێ دەنگی*

- تاكەی ئاوا بمان كوژن.

پیرو لاومان لەپیاو وژن .

تاكەی وا ..بێدەسەڵاتی .

داگیركردن قڕو قاتی .

گەرئەتانەوێ بمێنن .

ئەبێ تۆڵەمان بسێنن.

دەنگی دڵسۆز: یەكێكی تردێتەسەرشانۆ

چۆن تۆڵە سێنین ئێمەی سەركز

ئەوشیروتیر...ئێمەچەكوش .

ئێمەی بێكەس ئاخربێكەسین

چۆن بەگژی دێودابچین؟؟

سێیەم :

- ئەوەی بچێ بەگژ زۆردارا

كەی ئەترسی لەسێدارە

چەندە بەهێز وزۆر بن.

سەرئەنجام ئەبێ لەگۆڕبن.

---

* شاعیر لەوەڵامی كۆڕگێر ئەڵسوپاس ..ئیترباس لە دەقیكی كورتەئانۆی بەشیعردەكات و بە (( بێ دەنگی )) دەست پێدەكاتەوە.

لەوەناترسین... ببەزین

بەڵام ئێمە کەمین، کەمین..

چوارەم :

ئەوەی بژی لەپێناو خەڵکی

قەت نەوی نەبووە دەنگی.

کەتۆ بژی بۆخۆشی گشت.

بمری قەت نانوێنی پشت.

پێنجەم :

ئێمەکەسووربووین لەسەربەڵێنمان

خۆشەویستی خاک چۆتەناوخوێنمان.

بالوولەی چەک بێ، یازرەی عانە .

زرەی زنجیربێ لەگەردنمانا .

ئێمەکەنەبینە پێشەنگ.؟!

میللەتان چۆن دێن بۆخەبات وجەنگ.؟

مەڕی بێ شوان سەرلێشێواوە.

گرگ کەڵبەی تێنێ لەهەرچوارلاوە. **

.........

..............

** لێرە بەهۆی تۆمارکردنی گۆرانییە ک لە سەر شیعرەکە کۆتایی بەدەنگی دڵسۆز دێ.

# پەخشانەکانی دڵسۆز

* دله دەفتەرە دەستنووسەکەی خۆیدا کەلاپەڕەکانی یەك ودووی پەڕیوە، بەم پەرەگرافە دەست پێ دەکات:

....تاروولەکاروفەرمان وکۆششی پیرۆزبکەم ...بەڵێ هەرتۆی سەرچاوەی زەردو پێکەنین وکامەرانی،کاتێ شەوەزەنگ رووناکی دڵم دائەگرێ هیچ پەناو هەوارگەیەك خەم رەوێن نابینم دەستی ڕزگار کردنم بۆدرێژکات جگەلەدەشت ودۆڵ و لووتکەی چیا بەفرینەکانت کەباخ وگوڵزارو دۆڵی سەوزی بەهەشتیگرتۆتەخۆی،کەبوکێکە بەهاری هەمیشەیی چوارکەژی ساڵمە، جامنیش سوێند دەخۆم بەداربەڕوو وچەم وخاك و چیاوچۆڵت. .هەمیشە مۆمیکی تیشکدار بم بسووتێم بۆت...

شەوی٩/١٢/١٩٧٥

لەم دەفتەرەدانووسیمەوە

## چرپەیەك بەگوێ ی خۆشەویستەکەمدا

لەبیرتە کەپەیمانمان بەست،تانەگەین بەئاواتی وێڵ ودوری نێوان درك ودالّ وکۆتەکان وازنەهێنین وکۆڵنەدەین وسارد نەبینەوە،رەنج وئارەقەوماندوویی وکۆشش و وزەو هێزی گەورەوبەتوژممان ببێت وەکوقەڵایەکی سەخت ومەزن وپتەوخۆی رابگرێت ونەڕوخێت بەخورەودەنگی خێرای ڕهێڵەوبەفروساردوسری زستان وگەرمای بەتین وگەرم وگوڕی جەرگ وهەناوسووتێنی چلەی هاوین وپایزی زەردوگەڵاوخونچەهەڵوەرێن وچڵ رووتێنەرەوە.. گیان

ودەروونـــمان شـــاخێك بێـــت لـــەرووی ڕەشـــەبا ناكاوەكـــانی سەرچـــڵەپۆپەی نـــەمامی زیندووی‌ئومێدوتروســـكەی شـــادی وخۆشەویستی رۆژگارمان، هەمووكاتێك بەبەپێكەنینی هەڵقولاًوی ناخی‌دەروونەوەپێشوازی ئەوئەهریمەنانـەمان كـردووەو ئەیكـەین كەبوونەتـە دڕكـی دابڕینی‌مـەم وزینـی داسـتانی خەوی‌ژیانمـان، بـــەهیوای هـــەرەس هێینـــان، بەوهـــەمووڕازونیازە ورشـــەدارو پیرۆزانەمان،كەچەندین رۆژانی بەنرخی بەهاری تەمەنمان لە ڕێگاو پێناویـا كردووەتـە قۆچی قوربـانی بـەدیاری هـەرزان پێشكەشمان كردووە، بەو گزنگ و تیشكانەی كە ئێستاش بە هیواوە لە گویَ ی روبارەكـەی نزیك ئـاوایی یەكـەمان لـەژێر دارگوێزەكـە دادەنیشم و چاو دەبڕمە ئاسۆ بەتەمای هەڵاتنیم ئێستاش یادی دوێنێی ئازار چـــاوی ئـــەمڕۆم بێداردەكاتـــەوەو هەڵیـــدە هـــێنیَ، بـــەڵكو گەرمتروبەسۆزترو خـۆراگرتر لـەجاران شـاخی گیـان ودڵم بناغـەی ئەسـتورو پتـەوترە ،سـوارێكی ئامـادەو ئازایـە بـەرەنگاری ژان و ئێـشی و ئـاخی دوریتـە،ئاوزەنگ لـیَ ئـەدا لەوێنـەی شـەپۆلی دەریایـەكی فـراوان و سـامناك ئـەیان خـوات و رەتیـان ئەكاتـەوە، ئازیزەكـەم ئەوسـا سـەرەتای رێبـازی كـاروانی دڵـداریمان بـوو لەوانەیـە بـە وشـە بەجۆشـەكەنی پـەیمان و بەڵێنـەكانم بـاوەرت نەكردایـە، بـەڵام ئـەوا رۆژگـاری تـاڵ و شـیرین و پڕئـازارو خۆشـی ئەشـكەنجەی شـەونخونی سـاڵانم چێشت پـەیمان هـەر پەیمانـەو دەروون هەر دەروونەو خولیای رێچكەی خەوی تەمەنمە.

# گولاڵەی بەختیاری

مـــرۆڤێکم ئـــێش وئـــازارم دەریایـــەکی قـــوڵ و ســـامناکە شـــەپۆلە بـــەهێزەکانی دێنەرێگاکـــەم، تـــادەنگی زینـــدووم بخنکـــێ و زوبـــانم نەیەتـەگۆ، بەزینـدوویی هەسـتە پاك و بێگـەردەکانم دەردەبـڕم بـە گـــۆرانی بـــۆ دڵدارەکـــەم بـــۆ هاورێکـــانم بـــۆ سروشـــتە رەنگـــین و جوانەکـــەی شـــاخ و دەشـــت و چـــەم وچـــۆڵی ولاتـــی بـــوك و رازاوە....تاجیهـــانی فـــراوانم بکاتـــە پێوەنـــدو کۆتێـــك و لـــە ژورە تاریکەکـەما بەگۆشـە گیری پێکی نائومیدی دەربـازبوون بنۆشـم و خـــوڕەی فرمێـــسکی بـــارانی بێـــزاری بڕێـــژم ،لـــەڕووی دەورو بـــەری زینـــدوو و گەشـــاوەمان مەســـت و بـــێ ئاگـــاوبێ هـــۆش چەشـــنی بەندەیەکی لاوازو سست و نائومێد تـەنها خـەم و ئێشەکانی بکەمـە کۆشـــی دەروونم و بیـــان لاوێنمەوە،لـــە بەندیخانـــەی هەمیـــشەیی و شـــەوە زەنگـــی تـــەنهاییما دوور لـــە گزنگـــە هـــەڵاتووەکانی ئاســـۆی بـــەرینی شـــاخ و دەشـــتە پـــڕ لـــە هەلاڵەوهەمـــەرەنگ وســـیس نـــەبوی هەڵنـــەوەریوی بـــەختیاری ڕاســـتەقینە، بـــەڵام ئـــەی گوڵـــە بـــرین سارێژکەرەکەی تەمەنی ژیانم هەرچەندە کەهاوینان بەقرچەقرچی تـــین و تـــەوژمی هەڵپروکێنـــەریان خۆیـــان لـــە ســـینەت ئـــەدەن زستانەکانیش بەشالاوی سەرماو کرێوەی بەفرو ڕەهێڵـەی تـەرزەی باران و توندو تیژی بەقینیانەوە گەمارۆت ئـەدەن لـەدۆڵی رۆژگـارا، بـەڵام هـەر پێتـان ئەگـەم و ئـەتان هێنمـەوە بۆسـەر لوتکـەی شـاخ و

دەشـتە نەبـەزو خۆگرەكـانی دڵـم . هێـشتا هەسـتم پەپولەیەكـەو لەباوەشـی ئێـوەدا هەڵئـەپروكێ و ئەسـوتێ دەكەوێتـە گێـژەنی خەمەكانـەوە، نزیكـی مـەرگ و كـۆچ كـردن ئەبێتـەوە بـەلاَم كـاتێ كەگوێم لـەزەنگی ژیـان ئـەبێت چاوم ئەبێتـە یاساوڵ وئێشكگرێك، هانی خەوەكانم ئەدەن ببنـە ڕاستی، خوێنم ببێتـە كانی و جۆگـەو تاڤگەیەك بەهرەی ئاوازەكەی تـەنها تۆبی، تۆئەو ئاوازەی هـەردەم لەگوێمادەزرنگێتـەوە بۆتـۆ هـاتووم و ئـەژێم و ئەسـوتێم، خۆشـم ئەویێلـەقوولاَیی ڕێـڕەوی كزنەبووی‌ڕاسـت ورەواوە. لەئاهـەنگی زەماوەندی سەركەوتنی دوودڵداری دڵ وگیان بتەو ونەبەزو وەڕس نـــەبوو لەبـــەڵێن وپـــەیمان وڕازونیـــاز، بەقرچـــەیگەرمای نائومێدیوپەشیمانیدڵدارانی قاڵبووی پەیامی ئەوینی پاك وپیرۆز وبێگـەرد كەساڵهای‌ساڵ چـقلی مەرگـەوەری دابـرین نەیهیـشتبێ دەست بكەنـە مل تاسەوئاواتی وێڵ نـەبوویان ، خۆشم ئەوێی لـە گەرمەی گۆرانی جوتیارێكی رەنجدەرو ئارەق ڕێـژبۆ پاروەنانێكی ئاسودەو سەر فراز بەلاوك و حەیران بۆ ئاو وخوڕەی پەڵە بارانی زەوی بـەپیت و سـەوزیا هەڵئـەدا، كاتێـك پـاچ وبێـڵ ڕائەوەشـێنێتە كێڵگـەی رەق وتـەق و وشكیا، بەهیوای ڕواندنی گوڵەگـەنم و لالـە زاری هـەموو جـۆر لـە قـەراغیا، لـە بـەیانییێكی ڕونـاك وپڕشـەوقدا هەناسەیەكی زەردەدا پشودانی لە تەكا بكێشێ .

گولاڵەکـەم خۆشـم ئـەوێی لـە شـیعرێکدا پارچـەیەك گڕوجـۆش وهەستان بیت ئاوێنەیەك بێت خۆشەویستی پیرۆز تیا بەدی بکرێ لە شادی و تاڵیا وێردی سەر هەموو زوبانێك بێ .

## نامەیەك بۆخێڵی کۆچکردووی

شەم

خۆشەویستەکەم شەم ..!

پێدەشت وهەردە وکێوەکانم دایە ژێرپێوە،ئاوی جۆگەلەیغەمەکانم نۆشـی، بـەگیانی مانـدوو وداهێـزراوەوە..بەگـەرووی وشـکی پڕگـــەرمیو.دڵ ودەروونـــی کڵپەداروئاگرداریـــەوە،دەنگت هەرلەگوێمائەزرنگایـــەوە.وێنـــەت هەرلەبەرچـــاوم مابووئاوانـابوو...نـاوت هەرتاقـە ووشەیبیروهەسـت وئـاوازم بوو،تـەنهاپێکی تامـدار ئارام بـەخش بـووداخ وناسۆروفرمیـسکی ژیانـت لەنـەمامی ئـەوینی بـەهێزم هەڵوەران،چرکەدوای چرکەکات ژمێـردوای کـات ژمێـر رۆژ دوای-رۆژ...هەرکاتەومژدەوهیوایـەکی نوێتبەخـــەڵات ومزگێنـــی پێـــشکەش بـــەدەروون وگیـــانم

ئەکردوتاشەبەردوکەندوکۆسـپت تـەفروتونا ئەکرد،چـینێکی تـری گەواڵـــــەی هــــــەورەرەش وتەمــــــەکانت ئەرەوانـــــــدەوە.
.لەهەربوارولوانێکـداتۆوی نـــەمامێکی تازەوبـــەردارت ئەچـــاند..
لەبـــەیاری گڵــەکانی دڵمــدا ڕیــــشەی چەســـپاو تەشـــەنەی کـــرد.لەنەمامێکـــەوە..بۆئاســـنێك، بووەپۆلاَیـــەك، گوللـــەی ئـــێش وزامـەکانی رۆژگـاری تفـت وتاڵیئەقۆستەوە.. شـەپۆلی ئاخـەکانی رەت ئـەکردەوە چەشـنی قەلاَوکۆشـکێکی بناغەبەهێزونـەروخاوی دڵدارەنـــەمرەکان، وێنەینەڕەشـــێر بەسەرچـــەپۆکی تاڵییەکانـــدا هـــــاواریکردوزاڵبوو، لەسەرماوســــۆڵە و کرێـــــوە وتــــۆف وتەرزەورەهێڵەی زستاناهاوینێکی فێنك وبەشەماڵی هەوار گەکانی شــەقلاَوە وبوکەنەخــشێنراوەکانی هــەورامانی بــەدی کــرد، کــاتیَ پایزەکـــان چـــنگی بـــیَ بەزەییانـــەیان ئەنایەســـەرباخە زەبەنـــدو پڕسەوزەکانی تەمەن، گەلاَوگۆپکەوگوڵەرەنگاورەنگەکانی چڵەکانی ئەرووتانەوە،بــەرەوزەلکاوی نــەمان..کەچـــی منـــی دێوانـــە،لێوی هـەڵبزرکاوم بەقاقای نەبڕاوە،داربەڕوویـەك بوومخۆمەگرتەباوەشـی چیاوە، لەچـەرگەی گەلاَرێزاندا سـەیرانگاکانی شارەزوور ومەرگـە وبەستۆڕەو.لەئاوێنەیخەوی ڕاستیما ئەپشکووت ودەرئەکەوت.
شەمە دابڕاوەکەم..!
چـــاوگەیمەرامم ئەوەبووچیاودەشـــــت ودۆڵ ودیَوکێڵگــــەکانی بیرەوەریمان شکۆفەدا روڕازاوەکەم..بەئەرخـەوان وهەلاَڵەوگوڵەگـەنم لەگلێنـەو جیَ نزرگـەی ئـەوینمان بەدڵنیایی وئارامییەوەلـەژێربالَی

بەسۆزی لق وپۆپی دارەکان وسینەی نەرمی سەوزە گیا تازەشەونم لەڕووســـڕاوی بەرپرشـــنگەکانی  بەیانیانـــدا هـــەتاوی‌جوانی تۆهـەنگاوەکانمی هانـدا توولـەرێگا  سـەختەکان رۆشـن کاتـەوەو شـەوەکانم بەشـەوق و ورشـەدارکەیت بەتریفـەی مـانگی چواردەی روخسارو ئەستێرەی‌جریوەداری چاوەکانت...

گوڵەگـەنم وئەرخـەوان وهەلاڵـەو  هونەری‌ـسروشتم ناوی‌ؤوبـەس بـەبووکی سرشـت ئـەڵێم: بەداخـەوە هـۆش وهەسـت ودڵ نـابزوێنی وەکوکاتـەزێڕین وبەهەشـتییەکانی لای‌خۆری‌بالأەئەستێرەی چاوی دلبەرەکـەم.تۆپەیکـەرێکی شـادی‌بەخش وبەرزونازداری،یاسـای کردگـار داتـی هێنـاوە ودانی‌پێتاناوە،دلبەرەکـەی‌منیش هەرئـەو شناسـنامەو یاسـایەی‌بەبالأدابڕاوە. مـۆمی بەڵگەیـەتی وناکـام نییە،ئیـستایش سـەردەمی ژان ودابڕانـە،ئازارو پەڵەهـەوری ڕەش وشــەوەزەنگ وبایــەقوش بــەری‌ئاسمانی شــینی لانــەی.. دڵمــی گرتـــــــووە.رهێڵـــــــەی بـــــــاران وتـــــــەرزەی تەوژمدارئەبارێنێتەسەرگوڵەگەشـــــاوەو پێگـــــەیوەکانی دۆڵ ودەروونماوئاهـەنگ وشینی پلیشاندنەوەی مـەرگی گوڵـەرواوەکان ئەگێڕێ وئەیدات بەگوێمدا.

<u>بـەلأم ئەی‌ـشەمی کۆچـکردووی دوای‌خێـڵ..! تۆکۆچـت کـردوو خۆشەویـستی  دێوانـە کـۆچ ناکـات.بنەوبارگـەی ناپێـچێتەوەوون نابێت. گەرخێڵ دڕکی تیابوو گوڵ ودڵداری‌تیاهەرهەیـەو فرەیـە...</u>

سـەرجەم ئـەوینی ئـەمڕۆمان ئـاگر لـەتاریکایی ئەمڕۆوسـبەینێمان

بەرئـەدات، مەشـخەڵێك هـەڵ ئـەكات لـەكام قوتـەی بڵندیكامـەرانی نێڵەی تاسەمان ئارەزوویـەتی دیسانەوە بەهاری گۆرانی شمشاڵ وژوان ورامـوسـان دەسـت پـێ ئەكاتنبالندەوهاژەی چـەم ورووبـارو گڕوگـاڵی كۆرپەسـاواكان گـۆمیبێ دەنگـی شـەق ئەكـەن وئەهێننـە هـەژان. بەمـە چـۆپی ئاهەنگەكـەمان دەسـت پـێ ئـەكات وئەیخاتـە جۆش وخرۆشان،پایزیبەرچاومان سیپاڵی بەهارانە لەبەرئەكات وخـۆی ئـەگۆڕێ بـەتارای بـووكێنی، بەڵگەونیـشانەی پێسەلماندن ئەكەمە پەنجەكانت.

**تاقانەكەم..!**

<u>وڕێنەناكـــەم ،مەســـت نیم،خەونابینم،ئەمـــەرۆژی ڕاســـتی یـــە كەبووەوئـەبێت، بۆ(كـاروان)ی ئێمـەیش نەبێت،داسـتانی خـۆگرتن وپێگەیـــشتن بۆدڵـــدارانی تۆمارئـــەكات.لەبەرئـــەوەی بـــاوڕم بەخۆشەویستییەكەم هەیەسوورم لەسەری تـاپێڵو ئەنێمـەبان چاوم ودواهەناسـەی پـاك هـەڵ ئەمـژم وجۆرەئاوێـك ئەخۆمـەوە تـەڕایی خوێن وتوانام مابێت.</u>

لـەكۆتایی دائـەڵێم: هـــەوریئاسمان قینـــی ڕژان،بـەفری بارانـــدە چاوكوێـستان. بـەبارینی كڕێوەكـان. درەخت،كێڵگـە،خانوەكان.بـە بەرگی زیوین داپۆشران. كاتێ ئاسمانی غەم ڕوانی سپی لەگلێنەی رەشایە بێئارامی نواند...

# دەروێشێکی راستگۆ

شەوەو چرای شەوقم بێشەوقە وکزە، کوێرەڕێی ژین تاریک ونووتەکە، تاقە تروسکاییەکی بەدیکراو ژیلەمۆی تینداری ئەویندارەراستەقینەکانە، بێزارم لەخەزانی ژان ورەشپۆشی وئاوارەیی..هەرپەناوئارامگاو جێ نزرگەیەکی پیرۆزی یادەکان دەگەڕێم کڕێوەی غەمی لێ دەبارێ، ئاسمانی بێگەردوشینمان تەم ومژ بەریگرتووە،هەریڕەش وچڵکن رووی سامالەکاندائەپۆشێ. رەهێڵەی بەفروباران وتەرزەی قین ئەبارێتەسەر پەلەیبەرزوهەڵساوی گوڵگەنمەکان ولاسکەکانیان دەچەمێنێتەوە سەرسینەی نازداری خاك وخۆڵ. ئاە وڕازوگلەییانئاوێتەی یەك دەبن. .هێشتادڵدارەکان بۆخۆری هیوایان دڵیان لێ ئەدات.چاوی بێداریان بڕیوەتە ئاسۆیحەشاردراوودزراو، گوێرایەڵی ئەوگۆرانییەن موژدەی هەڵهاتنی گزنگ ئەدات.بەستەی مزگێنی گۆرانییەکە هاوشانی لێشاوی ئازارەکان..لەدووری وغەریبی سێبەری دار بەڕووەکاندا ئەوترێتەوە. بایەقوش جێدارێکەووبولبولە لەهێلانەی چۆل وهۆل وبێنازەکاندا لەتاوزووخاویدەروون دەروێشێکی نوێم و شیرەکەم هەڵ ئەگرم ،شارودێو بێزارییەکان بەجێ دێڵم وئەدەمەکێو ملی رێچکەڕێ دەگرم وهەورازی تووشی ماندوویەتی وئارەق شەق دەکەم ،

کۆڵـــدان ونائومێـــدی...دڕکـــێکن لـــەژێرپێی کاروانەکـــەما دەیپلیـشێنمەوە....نـەهاتی وکوێرەوەری‌و شـەو و زام مۆتەکـەن و هەڵ ئەشاخێنە رووی بەهاریما، منیش دەروێشی خاوەن بڕوام و شـــەودێزەکەم تـاودەدەم.غـــەم وبرســێتی وتێنــوێتی ومەینــەت ئەکەمەناوهەگبــەی رێبــواریم وجــەرگی تــاریکی ولوتکــەولاپاڵ ودەشت ورووباروچۆمەکان ئەبرم.

پـــەیمان بـــێ پـــەیمانی کـــوردێکی رەســـەن بتوێمەوە،بـــسوتێم لەپێناوی‌ـسوێند و بەڵێنەکانمداوخەڵوەتخانەیـەك دروسـت کـەم لەپۆپەی‌بەرزی‌یـــەکێك لەچیاکاندا،بەئاشـــکرابانگی پـــەیامی خۆری‌موحەممـــەدی هەڵـــدەم. بنـــچینەی دادومـــاف وڕاســـتی وخۆشەویستی بێت،گەرلام سووربێت شنەیەکی تری‌ئـەم گـەرمیان وکوێستانە هەڵنامژم...پاشگەزنیم لەسوێندەکانم.

پەشـیمانی وسـڵکردنەوەئەبنە هێزونەبـەزی..گەرئاونـەبێ خـوێنم ئەکەمـــــەئاوو ڕیـــــشەی باغەزەردهەڵگـــــەڕاوەکانی پـــــێ پاراوئەکـەم..گەرداروچـیلکەونەوت و چـراو مـۆم نـەبێ تیـشك بخاتەرووی‌تاریکاییـــەکان گۆشـــت وئێـــسقانەکانم ئەکەمـــە ((کڵپەومەشخەڵ وتەقینەوە..))

مایسی١٩٧٦کەرکوك

# نەورۆز

ئاه ئەمساڵیش جەژنی بەهارونەورۆزهاتەوە نازانم چۆن هاتن ،میوانداری و بەسەرکردنەوەیەکە هیچ دیاری ومزگێنیگگەك لەلانگگەی ولاتگگی خاپوورکراووبریندارو کوێرەوەریو ناڵەوە نایە،جگە لەهگەواڵی پرسگەو ڕە شپۆشی وئاوارەیی وتفت وتاڵی.

میوانەخۆشەویستەکەم..!

هەوری ڕەش بەری ئاسمانی سینگیکێوی گرتووە،رەشەبای خەفەت وپەستی لەبری شنەی هێمن وفێنکی شەماڵە،قەل وکوندەپەپو لەجیٚ ی کەو وبولبگول ومەلانە،دەشتی پان وپۆڕ ناڵەیەتی لەتاوبریسکەی ئێش،سگەوزایی وقەرسگیل گوڵەکانی سیس وژاکاون ، نازانم ئەیبەهاری کێڵدراو وون وکۆچکردەی ئێمە بۆیەدەڵێین: بەهارچگاوی راسگتیم پگایز بگەدی دەگگات،گوێی بیگستنم خگشەیوەرینی گەلاوخونگچەکان دەبیگسیٚ،حەپەساووم ئاخۆنگاوازی گگام

گۆرانیت .. بەگوێدابدەم..بەکام ووشە سگەیران وشگایی ونگەورۆزی نگوێ بژێنمەوە، بەزم ورەزم وزەماوەندێکی لێ پێك بێنم جۆش وخرۆش هگەوەس ومەیل بخاتەیادت. ساردوسگڕییەکانت بنەهگەژان ولگەرزین وکڵپگەودەنگ.. هەمووشارو گوندودۆڵ وشیووتاشەبەرد و باخگە پڕزەبەندوهەربگستێکی نگەم وولاتە بگرێتەوە...بگەلام بگەداخ وئاخێگك بگۆن گگرووزی سگوتانی لاشگەی پێکراوی دیرینەوە، بەمەلوولی کزییەوە لێوی هەڵقرچاوم هەڵدێنم،بەڵگگەی ئەنجن ئەنجنی ناخی دڵی گڵ دەرئەبڕم.بەزمانی خگاکی ومەسگتێکی خودایگەبێ مەیگەودەڵێم:بۆچگی هەمیگشەکەساڵی کۆنبنەوبارگگەیخێڵی رووداوەگگان رەشماڵەکانیان ئەپێچنەوە..ساڵی نوێ دەوارهگەڵ نگەداومێخ دادەگگوتێ،دەبێ بلگگگێین سگگگاڵ بەسگگگاڵ خۆزگگگگەم بگگگەپار...گوایەئەمگگگەیش بگگگەخت وچارەنووسە،لەورۆژەی پێمان ناوەتەسەرخاك وخۆڵ وبگەردی زێرینگی نگەم زەویگگە بەفگگەڕوبلاو وشگگیرینە وشگگەی نگگەهاتی ودیلگگی ودەربگگەدەری خاڵەولەنێوچگاوانماندا گگوتراوە. شگان وگگۆڵ ویەخگەی گرتگووین، چگنگی درنگگگگگدەی بێبگگگگگەزەیی ناوەتەبینگگگگگەقاقای چگگگگگگریکەی گگگگگگگەوی سەرفرازیمان...لەبەربەیانی مێژووەوەهگەرتۆومان چگاندووە زەویمگان گگێلاوە وبژارمانکردوەکەژیبەری ڕەنج وهەوڵوماندوویەتی مان خەرمانی ساڵەکانمان گگڕی تێبگەردراو دامرکاوە،شگالاوی پرسگیارم سگاوایەکی ورِك گرتگووە رێبوارێکی وێڵی ولاتە...

شەوی١٩٧٦/٣/٢١

## نەورۆزی ١٩٧٦

رادیو گگان،رۆژنامگەکان.. گگشت زورِنگای ئەژدیهاگگەکان باسگی نگەورۆز، ئازادیوشگادیئەکەن،ئیوارەینەورۆزی(١٩٧٦ )ەومناڵگگان مەقۆمەقۆیانگە، تاریگگگایی دابێگت وبەچگگەپڵەریزان بگەدەوری ئاگرەگگگەدابێن وسگروودی (نەورۆز...)بڵێنەوە، کەچی جەندرمە وەکوریگشۆڵەکۆڵان وشگەقام ودەوری شگاریان گرتگووە، نگانکردنی نگەورۆژەمان بەرێگگەوت گگەوتبووەئێوارەی نککککککککگگەورۆز.. گرِیتککککککککککگگەنووره کەوابەرزئەبوەوەتککککککککککگگەتگوت هەربۆنەورۆزداخراوە..ئەوەندەبڵێگسەکەی بگەجۆش بگوو .. هگەمووی چگەند چرکەیەکینەبرد هەرئەوەندەمانزانی دووئۆتۆمبێلی جەندرمە بەخێرایی هاتن ولەبەردەرگاکەمان رایان گرت،هرِیان کردەژوورەوە،تفەنگەکانیان گرتبوو بەدەسگگتەوە،رووەولامان هگگگاتن:ئەوەبۆچگگگی ئاگرئەکەنگگگەوە..؟ نگگگازانن ئاگرکردنەوەقەدەغەیە ؟؟!!

## تەنیایی وکۆرپەی ساوا

رێبگگگواریکم لەگگگگەڵ زەنگگگگی هگگگگەموو رۆژیگگگگدا مگگگەلی هیگگگگوام گرتۆتەسگگگینگەوە، کێوی سگگگەخت وتووشگگگی ریگگگگای نگگگان وتیگگگگشك ئەبرِم،فەرهادئەیویگست بیگستوونی هیگوای گگون بکگات ودەسگتبکاتەملی

شیرینی خەوی،بەڵام من هەزارەها بێستوونوکەندو هەردەو نشێوم لەپێگشەو ڤگوڵینگ وشگیرینم هگەرخۆم وژوورەگگەمم.پگێ خۆروبگای پگاك وبێگگەردی سگگگروەی چگگگیاکانە،گەرپەنجەرەکانی نەکەمەوەمناڵکگگگەم بگگگەزریق وزاق ئەگەشێتەوە، بەدەنگی ناسکە بابەبابگە چگاوەرێی ئێوارەوبگەیانی تێروتەسگەلە رۆژانەوخەڵاتی ئەویَ...

ئەی هێز...!

کواتوانگگا کواتروسگگکایی ؟؟ لگگەودیوی کگگام ئاسۆحەشگگاردراوە، رەنگگگی بگگەهارەکانمی هەڵبزرکاندووەکەسگگێك وەڵامگگم ناداتەوە،قڕوڤگگەپ بگگاڵی بەسەرگۆشگەی تەنیاییماگرتووەنگەم دەروونگەی داگرتگووم،وەڵامی وونگی بنگگگگگۆمی مگگگگەنگی نگگگگەم شگگگگەوەمە،بەڵام ناناتوانگگگگای سگگگگەوزایی بەهاروگوڵەگەزیزەونیسانەکانی هەرمنم، منی مرۆڤگگگ،جۆریپەڕەسێلکەکانی وەرزەگگان گگاروانی دووروگیگانی شگەکەت وگگریَ کوێرەگگانم ئەکەنگەوە سگگاکۆرپەی هیگگوام گەرپەڕەسگگێلکەبەدەنووك بیگگچووەکانی تێرنگگەکات و هیلانەیان بۆئەکات، منگیش خگەو دەدەمگە گگۆڵی بێداریگداوگالۆکی پگیری ئەگرمە دەستەوە وهەرگوڵی لاویم بۆتۆو بۆگوندەکەمان..

بەغدا /شەوی١٥/١٢/١٩٧٦

میوانخانەی عباس /حدیقة الأمة